# زمانی ستانداری کوردی دەبێ لە کێووە بۆمان بێت...؟؟

هەورامان علی تۆفیق
Berzi-san@web.de

کاتێک گرفتی زمان و یەکگرتنەوەی ئەو چەند زمانانەی کە لەنەتەوەیەک دا کۆدەبنەوە , بێ گومان گرفت و کێشەی لەپاش دەبێ و ماوەی زۆری دەوێ لێدوان و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی و مێژوویی ڕاست دروستی زانا و پسپۆرو شارەزایانی زمانەوانی وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی و ئایندەیی گرنگە کاری بەردەوامی لەسەر بکرێت , بەبێ بوونی گرژبوونەوە و هەڵچوون لەهیچ لایەکەوە چونکە هیچ کام لەو زمانانە بۆ هەمیشەیی بوونیان بە زمانی ستاندار کارێکی باش نیەو خزمەت بە زمانی کوردی ناکات ,, بۆئەوەی ئەمرۆ بەبێ ڕەزامەندی و ڕاوەرگرتنی ئەوانەی کە بەزمانەکانی دی گفتوگۆدەکەن زمانێکی تر بەسەریاندا بسەپێنرێ و بەشێوەی یاسایی و لە دەستووری هەرێم دا ببێتە زمانی فەرمی ئەو هەرێمە .. باس و خواستە هەنوکەییەکانیش لەم بارەیەوە هەموویان لەخزمەت بەرەوپێشەوە بردنی ئەم پرۆسەیەن نەک وەستاندنی یان تەگەرە خستنەڕێی , بەپێچەوانەی ئەوانەی کە ئەم هەلە دەقۆزنەوەبۆ ئەوەی دەنگی ڕادەربڕین و لێدوان و گفتوگۆیی زانستیانە گپ بکەنەوە یان بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان یان لایەنیەکانیان بەشێوەیەکی سیاسیانە دەپارێزن , ئەمانەش مافی خۆیانە , بەڵام نەک لەسەرحسابی خەڵکانی دی . چونکە هەموو کات مافەگشتیەکان و بەرژەوەندەیەکانی میللەت بەسەرووی هەموو کەسێکەوەن کە لەو کۆمەڵگایەدا وەک هاوولاتیەک بژی .

وەک دەڵێین : لێدوان و باس کردن لەم خاڵەو لەکاتێکی وەک ئێستادا لەخزمەت کێشە و پرسەنەتەوەیەکاندا نیە . چونکە ووروژاندنی بابەتێکی واهەستیار لەنێوان هەموو ئەو گرفت و کێشانەی کە کورد تێیدایە دەبێ هێوربکرێتەوە یان باسی لێوەنەکرێت و جۆرەها بیرو بۆچوون ورای جیاواز لەم بارەیەوە ..

سەبارەت بەشێوە زاری ئەو زمانانە و بەراورد کردنی لەگەڵ هەندێ لەهچە کە لەناوچەکانی دەوروبەرماندا هەن وەک نەتەوەی عەرەب کە شارێک بۆ شارێک یان لەووڵاتێکەوە بۆ ووڵاتێکی تری عەرەبی شێوازی ئاخاوتن دەگۆڕدرێت , جیاوازی ئەمە لەگەڵ زمانی کوردی و شێوەکانی . عەرەب لەبری ئەوەی کە لەهجەی جیاوازیان هەیە بەڵام زمانێکی یەکگرتوو واتە ئەو زمانەی کە قورئانی پێهاتۆتەخوارە بەکاردێت لە دێر زەمانەوە ئەوەش دوای زۆر گۆڕانکاری ودەستکاری کردنی کە زانایانی زمانەوانی عەرەبی سەردەم لەدوای سەردەم گۆڕانیان بەسەردا هێناوە .. لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی و ئەو شێوە زمانانە یان ئەو لەهجانە تەنها بۆ ئاخافتن و بەس ئەوانە کەسیان خاوەن ڕێزمان و یاسایی زامەنەوانی خۆی نیە بەڵکو هەر ئەو ووشانەن کە لەزمانی ستانداریاندا هەیە بەڵام کەمێک شێوازەکەی گۆڕاوە ..

بەڵام سەیری زمانی کوردی بکەن ئەو جیاوازیانەی لە نێوان سۆران و کرمانج و هەورامان ( گۆران ) دا هەیە چەند سەیری ڕێزمانی هەورامی بکەن و دوای ووردبوونەوە دەردەکەوێت تا چەند پەیوەندی هەیە و تاچەند بەشێوە زمان یان لەهجە دەژمێردرێت بەهەمان شێوە سۆرانی و کرمانجی و دواتر تێگەیشتنی ئەو زمانانە لەیەکتر و ئاشنا بوونیان لەیەک پەیوەندیان بەیەکەوە . ڕاستە هەموو لەچوارچێوەی نەتەوەیکدا کۆبوونەتەوە کە نەتەوەی کوردە و هەموو شانازی پێوە دەکەین .. ئەمە مانایی ئەوە نیە ئەو زمانە بەسەر ئەو زمانەی دیدا بسەپێنرێ .. لەوانەشە بڵێین بۆ چەند ساڵە قسەی لەسەر نەکراوە ڕاستە .. بەڵام دەفەتێکی وا نەڕەخساوە باس لەبابەتێکی وابکرێت کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتوو لە گرفتێکی لەم شێوەیە بدوێن . کاتێک وەخت لەباربێت یان باس و خواستی بێتە ئاراوە گرنگە سەرنج و بۆچوونەکان دەبرێنرێن و باسیان لەسەربکرێن .. بەڵام لە ئاستێکی وادابێت کە خزمەت بە زمانی کوردی بکات و زیاتر دەوڵەمەند

و گەورەتری بگات نەک لاوازو سستی بکات ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی لەم بۆارەدا خاوەن شارەزایی و پسپۆڕن یان ڕۆشنبیران و خاوەن فکرو و دڵسۆزانی نەتەوەیی .
باس لەسەر ئەوە دەکرێت کە زمانی هەورامی وەک لەدەرگایی ڕاگەیاندنەوکانەوە پەرەی پێدراوە وەک ئەو پەرەپێدانەی ئێستا کە هەموو مان دەیبینین لە کەناڵەکانەوە چەند گرنگی بەم ناوچەیە دەدرچت ..!!!! بێگومان ئەوەی گرنگی پێدان بێت بۆ ئەم ناوچەیەو زمان و کلتورو ڕەسەنایەتی نیەوئەگەر ئەوەشی کە هەبێ لە پڕوپاگەندی سیاسی و لایەنی بەولاوە هیچی ترنیە.
وەک دەڵێن چەند ڕادیۆیەک هەن ئەویش بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی لایەنێک و بۆ خزمەتکردنی فکری سیاسی خۆیی نەک خزمەت بە ناوچەکانی هەورامان .. بۆیە لێرەدا دەڵێم ڕاگەیاندن ئەگەر حزبی بێت یان مەدەنی هەمیشە زمان کلتورو ڕەسەنایەتی ئەم ناوچەی فەرامۆش کردووە و ئەوەی کرابێت وەک لەوتارەکانی پێشودا ووتوومە تەنها لە بوونیململانێی سیاسی ئەگەر بەنامەیەک یان گۆرانێک یان گۆرانی بێژێک پڕوپاگەندەی بۆکرابێت ...
کاتێک دەبێ ئەم شێوە نووسین و ڕاو بۆچوونانە بە ماڵ جیایی و دووبەرەکی سەیربکرێت کە لەمافێکی بەرەوا زانراو زیاتر داوابکرێت .. یان ئەگەر ئەو مافە یاسایی یان مێژوویی نەبێت و ئەوانەی ئەو داواکاریانەیان بۆ بەرژەوەندیە گشتیەکان بێت چونکە زمانی یەکگرتووی کورد دەبێ بنەمایەکی بۆ دابڕێژرێت . کە گومان لەوەدانیە تا ئەمڕۆش لە پێک نەهاتن و یەک دەنگ نەبوونی ئەوانەی لەم هەولانەدان بۆ دروست کردنی ئەم زمانە یەکگرتووە , بەڵام ئەمەش ڕێگا لەوە ناگرێت کە هەرکە لەبری ئەوەی زمانێکی فەرمی کاتی هەیە لەپاڵ ئەوەشدا زامانی دایکی خۆیی بخوێنێت و ئاشنایی لەگەڵ زمانەکانی دیدا هەبێت بۆ کەسێک کە لەماڵەوە لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براو کەس و کارو هاوڕێکانی بەهەورامی بدوێ و بەڵام نەتوانێ بێ بنوسێت و بخوێنێتەوە . ئەم شێوە هەنگاوانەش لە هەورامانی دیوی ئەودیوو واتە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەنگاوی بۆ نراوە چەند گۆڤارو کتێب و ڕەسەنایەتی هۆنراوە بە زمانی هەورامی لە تەشەنە بووندایە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بەبێ هیچ لێدوانێک دەبێتە شۆڕشێکی ئەدەبی هونەری زمانەوانی و خۆیی بەدیار دەخات بەبێ ئەوەی باسی لەسەربکەین .. ئەی بۆ ئێستا هەلمان لەبەردەست دایە و دەتوانین بەشێوەیەکی دەستووری و خۆویستانە ئەو مافە سروشتیە ببەخشین ..
کەواتە ئێمەی کورد تۆشەبەرەی زانست زانیاری و فەرهەنکی زمانەوانیمان لە هیچ لایەکەوە بۆ نەهاتووە و چاوەڕوانی ئەوەش نین بۆ مان بێت بەپێچەوانەوە دەبێ هەولێ ئەوەش بدەین هەنگاو بەهەنگاو زمان زاراوەکان لە زاراوە ووشەی بیانی پاک بکەینەوە هەرچەندە ئەمەش کات و وەختی زۆری دەوێ بەڵام دەبێ کاری بۆ بکرێت ...